Sorani سۆرانی

# Pantbanken

DROTTNINGGATAN • JÄRNTORGET • FRÖLUNDA TORG

## ب دڵنیایی، ژیرانە و بەئاسانی قەرز وەرگرە

### چۆن کارەکە دەکرێت؟

قەرزوەرگرتن لای ئێمە کارێکی دڵنیا، ژیرانە و ئاسانە. تۆ لای ئێمە شتێک بەبارمتە دادەنێیت و ئێمەش لەبری ئەوە یەکسەر قەرزت دەدەینێ. چەند پارە دەتوانیت بەقەرز وەرگریت، دەکەوێتە سەر نرخی شتەکە. لە باری ئاساییدا دەکاتە نزیکەی لە سەدا ٦٠ی نرخی شتەکە بەدەستی دوو.

### دەتوانم بەچی قەرز وەرگرم؟

ڕەنگە بتوانیت بە هەموو شتێک قەرزوەرگریت کە ئێمە بتوانین نرخی دەستی دووی بۆ مەزەندەکەین و بکرێت لای خۆمان لە گەنجینەکەماندا هەڵیگرین. ئیدی هەرچیەک بێت خشڵ، بەردیبەنرخ، کاتژمێر، ئامێری ئەلکترۆنی، پۆرشەلین، شووشە، ئامێری موزیک، زیو، کامیرە، بابەتی هونەری یان شتوومەکی ئەنتیک. تەلەفۆنمان بۆ بکە بەخۆشیەوە ئامادەین یەکەم هەڵسەنگاندنت بدەینێ.

### تا کەی دەتوانم قەرزوەرگرم؟

لەباری ئاساییدا قەرز بۆ چوار مانگ وەردەگیرێت. پاشان دەتوانیت لەڕێگەی سەرلەنوێ بەبارمتەدانانی شتەکەوە نوێیبیکەیتەوە. لەو حاڵەتەدا دەبێت سوودی ماوەی قەرزە کۆنەکە بدەیت و بەردەوامی بدەیت بە قەرزوەرگرتن بۆ ماوەیەکی تر. گەر بخوازیت قەرزەکە زووتر بدەیتەوە، ئەمەش لە تواناتدا هەیە کەی پێتخۆشبوو بیکەیت لە میانەی ماوەی قەرزەکەدا، ئەوا ئەو پارەیەی بەقەرزوەرتگرتوە هەمووی دەدەیتەوەو دەبێت سوودی پێنانە نێو ئەو مانگە نوێیەش بدەیت کە قەرزەکەی تیادەدەیتەوە.

### یاساو ڕێسا لە حاڵەتی قەرزدا

قەرزوەرگرتن کارێکی ئاسانە. دەبێت تەمەنت ١٨ساڵ بێت و ناسنامەی خۆت بەوێنەوە پیشان بدەیت کاتێک قەرزوەردەگریت و قەرزدەدەیتەوە. پسووڵەی بارمتەکە شتێکی شەخسیەو ناتوانرێت بدرێت بە کەسێکی تر. نوێنەر دەتوانێت قەرزەکە هەمووی بداتەوە ئەگەر زانیاری پێویست لە پسووڵەی بارمتەکەدا پڕکرابێتەوەو نوێنەر ناسنامەی خۆی و خاوەنقەرزی پێبێت و پیشان بدرێن. بۆ قەرزەکە یاسای بارمتەی بانکی ژمارە ١٩٩٥:١٠٠٠ پێڕەودەکرێت. برەپارەی قەرزەکە بەپێی بڕیارنامەکانی نێو ئەم یاسایە دڵنیایی بۆ کراوە. بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئەوەی کە کەلوپەلی دزراو نەدرێت بەقەرز لەگەڵ پۆلیسدا هاریکاری دەکەین.

**Pantbanken Drottninggatan**
Drottninggatan 54, 411 07 Göteborg. Tel. 031-80 45 35.
Öppettider: mån-fre 9.30-18.00, lör 11.00-15.00,
sön 12.00-15.00 (ej söndagsöppet juni-aug)

**Pantbanken Järntorget**
Olof Palmes Plats 1, 413 04 Göteborg. Tel. 031-12 81 81.
Öppettider: mån-fre 10.00-18.00,
lör 11.00-15.00 (ej lördagsöppet juni-aug)

**Pantbanken Frölunda Torg**
421 42 Västra Frölunda. Tel. 031-47 40 40.
Öppettider: mån-fre 10.00-18.00,
lör 11.00-15.00 (ej lördagsöppet juni-aug)